**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of he Kurds- C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî gelî Kurd- ÇAK*
contact@chak.info

# (چاك) له هه‌وڵی دروستكردنی پردێكی هاوكارییه، له نێوان كوردستانی باشوور و فینله‌ندا

هه‌ر له دووای رووخانی رژێمی دیكتاتۆری عێراق و نه‌مانی ده‌سه‌ڵاتی به‌عس به‌سه‌ر كوردستاندا، كۆمه‌ڵێك كه‌سایه‌تی و رێكخراوی كوردی و فینله‌ندی له وڵاتی فینله‌ندا كه‌وتنه گۆرینه‌وه‌ی بیروڕا، سه‌باره‌ت به چۆنیه‌تی هاوكاریكردنی خه‌ڵكی كوردستان. به درێژایی چه‌ند مانگێك ده‌یان كۆبوونه‌وه و دانیشتنی یه‌ك له‌دووای یه‌ك و به‌رده‌وام ئه‌نجام درا و گفتوگۆ له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك ده‌زگاو رێكخراو و كه‌سایه‌تی فینله‌ندی كرا.

((ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه دژ به ئه‌نفالكردن و جینۆسایدی گه‌لی كورد – چاك)) كه هه‌میشه له ریزی پێشه‌وه‌ی رێكخراوه چالاكه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتدا وه‌ستاوه، له رێگای به‌رێز (سالار سۆق)ه‌وه وه‌ك لایه‌نێكی سه‌ره‌كی و بنه‌ڕه‌تی، هه‌ر له سه‌ره‌تاوه پێكهێنه‌ر و به‌شداری ئه‌م دانیشتن و گفتوگۆیانه بووه.

هه‌ر له‌درێژه‌ی ئه‌م هه‌وڵانه‌شدا و به مه‌به‌ستی روونكردنه‌وه‌ی بارودۆخی ئه‌مڕۆی كوردستان به گشتی و ناوچه تازه (ئازادكراوه‌كان) به تایبه‌تی و ئه‌و چه‌رمه‌سه‌ری و كاره‌ساتانه‌ی خه‌ڵكی كوردستان له سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی به‌عسدا تووشی بوون و له پێش هه‌موشیانه‌وه كاره‌ساته‌كانی هه‌ڵه‌بجه و ئه‌نفال و بارزانی و فه‌یلییه‌كان و ته‌عریبكردنی كوردستان و راگوێزانی خه‌ڵكه‌كه‌ی و راكێشانی سه‌رنجی لایه‌نه په‌یوه‌ندداره‌كانی وڵاتی فینله‌ند و هه‌وڵدان بۆ دروستكردنی پردێكی هاوكاری راسته‌وخۆ له نێوان فینله‌ند و كوردستاندا، له بواره جۆربه‌جۆره‌كانی ژیاندا، رۆژی 15.7.2003 شاندێك له چه‌ند كه‌سایه‌تییه‌ك و نوێنه‌رانی چه‌ند رێكخراوی كوردی و فینله‌ندی له نێویاندا (ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه – چاك) سه‌ردانی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی فینله‌ندیان كرد.

پاش ئه‌وه‌ی خاتوو Leena Ritola راوێژكاری وه‌زاره‌ت بۆ كاروباری رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست و باكووری ئه‌فریقا و به‌رپرس له فایلی عێراق و كارمه‌ندێكی هاوكاری، پێشوازییان له شانده‌كه كرد، كۆبوونه‌وه‌یه‌كی تایبه‌تیان ساز ادا و هه‌ر رێكخراوێك به پێی تایبه‌تمه‌ندی خۆی و به پێی به‌رنامه‌یه‌كی داڕێژراو، روونكردنه‌وه‌یان له‌سه‌ر لایه‌نێكی بارودۆخی كوردستان پێشكه‌ش كرد.

سالار سۆق له‌جیاتی نوێنه‌رایه‌تی ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه- چاك، باسێكی سه‌باره‌ت به سیاسه‌تی شۆفێنییانه‌ی رژێمی به‌عس و جینۆسایدی خه‌ڵكی كوردستان و سیاسه‌تی ته‌عریب و ته‌رحیل پێشكه‌ش كرد و چه‌ند دۆكومێنتێكی له‌م باره‌یه‌وه خسته به‌ر چاو، له‌نێویاندا ئه‌و دۆكومێنته‌ی باس له ناردنی كچانی ئه‌نفالكراو بۆ یانه‌ی شه‌وانه و مه‌لهاكانی وڵاتی میسر ده‌كات، كه به‌شێوه‌یه‌كی تایبه‌ت سه‌رنجی راوێژكاری وه‌زاره‌تی راكێشا. هه‌روه‌ها باسی له‌و گوڕه به كۆمه‌ڵانه كرد كه به‌رده‌وام له ئاشكرابووندان و خوازیاری هاوكاری ته‌واوی ده‌وڵه‌تی فینله‌ند بوو له پێناوی كه‌مكردنه‌وه‌ی ئازار و چه‌رمه‌سه‌رییه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان، پاش رزگاربوون له رژێمی به‌عسی درنده.

له هه‌مان كاتیشدا له‌جیاتی ناوه‌ندی رۆشنبیریی كوردی باسێكی له بارودۆخی رۆشنبیری و هونه‌ری له كوردستاندا كرد و خوازیاری دروستكردنی پردێكی رۆشنبیری و هونه‌ری بوو له نێوان فینله‌ند و كوردستاندا.

له دوواییدا سالار سۆق پرۆژه‌یه‌كی تایبه‌تی پێشكه‌ش كردن بۆ چۆنیه‌تی هاوكاریكردنی خه‌ڵكی كوردستان له رێگای رێكخراوه جه‌ماوه‌ری و پیشه‌ییه سه‌ربه‌خۆكانیانه‌وه له هه‌ر یه‌ك له‌م بووارانه‌دا:

- قوربانیانی ئه‌نفال و جینۆساید.
- ئاواره‌كانی كه‌ركوك و ناوچه‌كانی تر.
- پشتگیری رۆژنامه‌گه‌ری سه‌ربه‌خۆ له كوردستان.
- دروستكردنی پردێكی رۆشنبیری و هونه‌ری له نێوان فینله‌ند و كوردستاندا.

له‌م كۆبوونوه‌یه‌دا كه نزیك به دوو سه‌عاتی خایاند، خاتوو Leena Ritola راوێژكاری وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی فینله‌ند بۆ كاروباری رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست، پشتگیری خۆی بۆ ئه‌ندامانی شانده‌كه ده‌رخست و داوای كرد په‌یوه‌ندییه‌كان به‌رده‌وام بێت.

ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه دژ به ئه‌نفالكردن و جینۆسایدی گه‌لی كورد – چاك 29.7.2003